کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
29-9-2007 13:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاک هەژار حکیم شوانی، درامای چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناکی کۆری و خەج و سیامەندەکەی ئێمەش؟!!!!... ئارام یاسین

**سیئۆل \ کۆریای باشور**

Aram_yaseen@yahoo.com

لە ڕێگای پەیوەندی کردنم بە کوردستانەوە، دەزانم کە خەلکەکی زۆر سەیری درامای "چیرۆکی خۆشەویستیەکی خەمناك "ی کۆری دەکەن. ئەو ئەکتەرانەی کە لەم درامایە و درامایەکەی پێشووش " وینەر سۆناتا" بەشداریان کردووە، کەسانی زۆر بە ناوبانگی کۆرین،



هەر کاتێك ئەو ئەکتەرانە گەشت دەکەن ئەوا زوومی کامیرەی ڕۆژنامەکان بەدوایانا وێلن. لەکاتی گەیشتنیان بە هوتێل ئەوا گەنجانی کۆری، بە کور و کچیانەوە، لەبەردەم دەرگای هوتێل کۆدەبنەوە بۆ تۆمارکردنی یادگاری لەگەڵ ئەو ئەکتەرانە. خۆشەویستی گەنجانی کۆری بۆ ئەو ئەکتەرانە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە ئەو ئەکتەرانە سەرکەوتوانە توانیوویانە گوزارشت لە گیرو گرفتەکانی لاوان بکەن، و کێشە کۆمەلایەتیەکانیان بخەنە روو، وە باس لە گرانی ژیانی گەنجانی کۆری بکەن. گەنجانی کۆری زۆر ماندوون، ژیانیان زۆر گرانە، بە شێوەیەك وولاتی کۆریای باشوو بە تایبەتی سیئۆلی پایتەخت کە گەورەترین شاری کۆریای باشوورە، ژمارەی دانیشتوانی دوانزدە ملیۆن کەسە و بە سێهەمین شاری دنیا ئەژمار دەکرێت بۆ گرانی، ئەو گرانیەش وای کردووە هەموو تاکێکی کۆری لە سەروور 18 ساڵ رۆژانە لە کاتژمێر 9 ی بەیانی تا کاتژمێر 6 ی ئێوارە کار بکەن. ئەو درامایانەی کە دەردەهێنرین شتێکی دەست کرد و دروست کراو نیە، بەلکو ئەمە ژیانی سادەی رۆژانەی هەر تاکێکی کۆریە. گەنجانی کۆری بە خۆراکی عشق و خۆشەویستی دەژین، شتێك نیە رێگر بێت لە بەردەم خۆشەویستی، هەر گەنجێك کە تەمەنی گەیشتە 18 ساڵ لە ژێر کۆنترۆلی هیچ کەسێك ناژیت و چاوی هیچ کەسێك کامیرا نیە بەسەریا، ئازادە لەوەی چی دەوێت و چی دەکات، کی هەڵدەبژێرێت وەکو دۆست و هەڤالی خۆی یان نا، وە ئاسایە لایان لەگەڵ کوی رادەبووێرن یان نا. بەلام لەگەڵ ئەوەی کە شوویان کرد ئەوا ئەو پەری رێز و خۆشەویستیان لایان دروست دەبێت و وە ئەو خۆشەویستیە دەپارێزن تا دواساتەکانی ژیانیان.

ئەمەیە راستی و دروستی ئەو درامایانە، هەمیشە دەرهینەرانی ئەم درامایانە هەوڵدەدەن لە بەرهەمەکانیان باس لە کێشەی هەنووکەیەکانی گەنجان بکەن، نەوەك باس لە رووداوە رابردووەکان بکەن. رێك وەکو دراما کوردیەکانی خۆمان بەلام بە پێچەوانەوە. لە کوردستانەکەی خۆمان رۆژانە چەندین کور و کچی لاو بە دەردی دوعا بەرد باران دەکرێن، بەرامبەر بەمەش کەنالەکانی تی ڤی و دەرهینەرە بی ئاگاکانمان لە شوێن ئەوەی لە دراماکانیان باس لەو رەوشە دژووارەی گەنجانمان بکەن دەچن چەند کەسانێك دەهێنن بە ناوی ئەکتەر، دەرپێی رەنگاو رەنگیان لەبەر دەکەن، ئەوە چیە؟!! درامای مەم و زین و خەج و سیامەندو نازانم کی و کی دەردەهێنن. ئەمەیە بی ئاگای و هەست نە کردنی دەرهینەرەکامانە بەرامبەر بە کارە پیرۆزەکەیان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
29-9-2007 13:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردستانەکەی خۆمان بە یەکێك لە وولات و هەرێم و گەلی دواکەوتوو دادەنرێت بەرامبەر بە مافی گەنجانمان، ئەوەی شتێك بێت بە ناوی خۆشەویستی ئێمە نیمانە. تۆ کەسێکی مرۆڤ کوژ بە، بە ئازا و رەشید و چاو نەترسن ناوت دەهێنن!!! تۆ کەسێك بە لە شوێنەکەی خۆت بە راست و چەپ دزی بکە، ئەوا بە کەسێکی زیندوو بۆ حالی خۆت ناوت دەهێنن!!! تۆ کەسێکی درۆزن بە ئەوا بە کەسێکی لێزان ناوت دەهێنن!!! بەلام تۆ کەسێکی عاشق بە، ئەوا تۆ بەکافر و بە مەلعون و بە داوێن پیس و بە دژی خوا و دژی پێغەمبەر و بە دژی دین و دژی مللەت و خاك ونەتەوە ناوت دەهێنن، بۆ پاك بوونەوشت لە کوناحی خۆشەویستی ئەوا پێویست دەکات دوعا ئاسا بەردباران و بلۆك باران بکرێت تاوەکو مردن. بەلی ئەمەیە راستی رەوشی گەنجانمان، تاوەکو ئێستا چ درامایەکی کوردی هەیە ئەم راستیانە روون بکاتەوە، بۆیە حەقی گەنجانمانە سەیری دراما کوردیەکان نەکەن و بەدیار درامای کۆری ئەشکی بی دەستەلاتی ببارێنن. من لە نزیکەوە برادەرایەتی گەنجانی کۆری دەکەم و ئەزانم ئەوانە چەندە بەرائەتیان لی دەباری، چەندە حەز لە جوانی ژیان دەکەن. گەنجانی وولاتەکەم هیچیان کەمتر نیە لە گەنجانی کۆری، تەنیا جیاوازیمان گەنجانی کۆری ئامادەنین جگە لە خۆشەویستیەکانیان هیچ بتێکی تر بپەرستن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.